# سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کۆنفراسی دووەمی خۆی ئەنجامدا

ئامادەکردنی : بەختیار جافەر

رۆژی 2007/7/14 سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان لە هۆلی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بە ئامادەبوونی 305 ئەندامی کۆنفراس لە سەرتاسەری کوردستان دووەمین کۆنفراسی خۆی لە ژێر دروشمی ((سەربەخۆیی لە کاری رێکخراوەیی، با سەندیکا و رێکخراوە مەدەنیەکانیش لە دارشتنی یاسا و بەرێوەبردنی دەسەلات پرسیان هەبێت)) بەست، ناوەرۆکی کۆنفراس پێک هات بوو لە چوار تەوەرەی سەرەکی:-

1- یەکگرتنەوەی رێکخراوەکان.
2- هەڵسەنگاندنی کاری رێکخراوەیی لە ماوەی رابردوو، دانانی میکانیزم و پلانی تازە بۆ کاری رێکخراوەیی لە داهاتوودا.
3- شێوازی پەیوەندی سەندیکا لەگەڵ حکوومەت و دەسەلاتی سیاسی.
4- دیاری کردنی میکانیزمی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکانی ئێستا و ئاینده.

لە پەیوەندیەکی سایتی ئەمرۆ (کەیفی مستەفا عەلی) جێگری سکرتێری سەندیکای کارمەندانی تەندروستی تایبەت بە سایتەکەمان راگەیاند:- لە رۆژی 2007/6/30 کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزی سەندیکا ئەنجامدرا بریاردرا بە بەستنی کۆنفراسێک بە مەبەستی قسەکردن لەسەر یەکگرتنەوەی رێکخراوەکەمان و هەروەها هەڵسەنگاندنی چالاکیەکانی سەندیکا لە ماوەی رابردوو و دانانی پلان و بەرنامەی تازە بۆ خەباتی سەندیکایی لە ئاییندەدا.

سەبارەت بە کێشەی یەکگرتنەوەی رێکخراوەکەمان لەگەڵ رێکخراوی هاوشێوەماندا بە شێوەی تەوافقی درێژخایەن رەتکرایەوە لەم کۆنفراسەدا بە کۆی دەنگ، بەلکو تەنها دەستەیەکی کاتی لە هەردوو سەندیکا دیاری بکرێت بە مەبەستی زەمینە سازکردن بۆ هەلبژاردنی ئازاد لە سەرتاسەری کوردستان.

جێی ئاماژە پێکردنە لەم کۆنفراسەدا رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کرا سەبارەت بە پەراویز خستنی سەندێکای کارمەندانی تەندروستی و راوێژ نەکردن و پرسپێنەکردنی لە کاروبارە پەیوەندیدارەکان بە کارمەندانی تەندروستی، هەر لەناردنە دەرەوەی کارمەند و جێبەجێ نەکردنی پێشنیارەکانی سەندیکا سەبارەت بە دانەنانی جێگری بەرێوەبەرە گشتییەکان لە کارمەندانی تەندروستی هەروەها یاسای وەزارەتی تەندروستی کە دراوە بە پەرلەمانی کوردستان.

لەلایەکی ترەوە میکانیزمی تازە و پلانی نوێ دانرا بۆ کاراتر کردنی مەکتەبی تەنفیزیی و مەکتەبی سکرتایەت بۆ باشتر هەڵسوراندنی کاری رێکخراوەیی.

ئەم کۆنفراسە تەنها یەک رۆژی خایەند و تیایدا چەندین بڕیار و راسپاردەی گرنگ بە کاری رێکخراوەیی درا.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image